## شێخ ڕەزا و شێخانی تاڵەبانی بۆکانین

"شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناوداریکی تری ئەم بنەماڵەیە" نامیلکەیەکە دوکتۆر نووری تاڵەبانی نووسیویەتی. ڕێزدار دوکتۆر نووری سەبارەت بە بنەچەکی بنەماڵەکەی خۆیان – واتە شێخانی تاڵەبانی بۆچوونێک دەردەبڕێت کە ڕاستەوخۆ لە زمانی خۆیشیم بیستوە. بە گوێرەی بۆچوونەکەی ئەو، باپیرانی ئەو بنەماڵەیە و یەک لەوان شێخ ڕەزای شاعیر دەچنەوە سەر "کاکە سوورییەکانی بۆکان" [کە ئێستا بە سورخی دەناسرێن].

ئەوانەی خوارەوە دەقی نووسینی دوکتۆر نوورین لە لاپەڕە ١٢ تا ١٤ی نامیلکەی سەرەوەدا:

" ... کاک چالاک تاڵەبانی لە زمانی شێخ محەمەدی قەرەداغییەوە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٨٤ دا پێی گوتووە: گۆڕی باپیرەگەورەی بنەماڵەی تاڵەبانی کە "ئاغا رۆستەم"ە، لە قەرەداغە. ئەم پیاوە لە کاتی خۆیدا لە کوردستانی ئێران ئاغا و خاوەن موڵکێکی دەوڵەمەند بووە. لە زمانی سەفەوییەکاندا زۆریان بۆ هێناوە لە سوننیەوە ببێت بە شیعە، لەبەر ئەوە ناچار باری کردوە بۆ کوردستانی عیراق و لە ناوچەی قەرەداغ نیشتەجێ بووە. ئەم بۆچوونەی شێخ محەمەدی قەرداغی تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ بۆچوونەکانی تر دەگونجێ کە باپیرانی ئەم بنەماڵەیە دەبەنەوە سەر نەوەی "کاکە سوور"ی ناوچەی بۆکان لە کوردستانی ئێران.
جیاوازییەک هەبێ لەوەدایە ئایا باپیرە گەورەیان لە سەردەمی ئاغا رۆستەمەوە هاتوەتە ئەم دیوی کوردستان یان لە سەردەمی مەلامەحموودەوە.

لەبەر ئەوەی من خۆم لە ناو سەرچاوەی بنەماڵەی تاڵەبانیدا چاوم هەڵێناوە کە تەکیەی تاڵەبانیە لە کەرکووک و هەر لەوێدا گەورە بووم و لە منالییەوە حەزم لە دانیشتنی ناو کۆڕی پیاوی گەورە و پیرانی ئەم بنەماڵەیە کردوە، دەتوانم بە پشتیوانی هەندێ دۆکومێنت و قسەی ئەوان بڵێم مەلا مەحموود کوڕی ئاغا رۆستەمی کوڕی ئاغا یۆسفە لە نەوەی کاکە سووریی ناوچەی بۆکان لە کوردستانی ئێران. مەلا مەحموود نزیکەی ٣٠٠ ساڵێک لەمەوبەر بۆ تەواو کردنی خوێندنی بەفەقێیەتی ڕووی کردۆتە باشووری کوردستان... .

شێخ ڕەزای شاعیر لە پارچە شیعرێکدا بە زمانی فارسی کە باسی باب و باپیرانی تێدا دەکات، ئەمەی بۆ روون کردوونەتەوە و وتوویەتی :

مشهور جهان به "غوث ثانی"      عبدالرحمان      طالبانی

محمودش جد و احمدش باب      هرسه ولی اند و قطب اقطاب

محمود، مرید پیر لاهور      هەرچند به زنگنه است مشهور

در اصل و نسب گلی ست سوری      از گلبن باغ "کاکه سووری"

دوکتۆر نووری تاڵەبانی، "شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەم بنەماڵەیە"، ناشر؟، سلیمانی ٢٠٠٢، ٨١ لاپەڕە، کوردی